کورتە چیرۆک

# ناسناو

ئیرە ج عیبادی

زۆر سیێرە، هە ر بیر نا کە م کە ی لە دایک بووم!
رۆژ مێری ئە و روداوە لە بیرۆکە ی مندا نە ماوە و کاتە کانی شە و و
رۆژیشی لە زینم دا تێ پە رێوە.
هە ست نا کە م بزانم ئە و ژنیشە کە ی لە دایک بووە؟
بێ تاقە ت و بێ وچان بە رە و رابردوو دە ر وانم کە بزانم تا ئێستا
چیمان کردووە!
یە کی دوو ساڵی هە وە ڵ ، لە کاتێکی تایبە ت دا، وە کوو دڵدارانی
دە رە وی وڵات وام دە زانی لە وڵاتی ئێمە شدا ژیان هە ر وایە.
شممیکمان دا دە گیر سانو برێ خواردە مە نی ساکاریش ساز دە کرا و
لە سە ر دوو کورسییی هاو رە نگا دا دە نیشتین، جێژنێکی چکۆلە مان
بە رێوە دە بردو گوڵێکی سوورمان بە یە کتر دە بە خشی!
ئێستا پێکە وە نین و دژایە تی لە سە ر کورسییە کانمان دانیشتووە!
ئێتر ئە و جۆرە جێژنانە دووپات نا بێتە وە!
هە ر کاتێک کە ئە و بیر دە کاتە وە کە چی روی داوە و چی لە سە ر مندا
رووخاوە ، بە پێکە نین دێتە پێشە وە و بە گۆیما دە چر پێنێ:
کە ، بە راستی لە دایک بوونمان کە یە ؟
بێ دە نگ و مات بە سە ر سوور مانە وە بۆی دە ر وانم و بە نووسینی
بیرە وە ریە کانم درێژە دە دە م!
لە دایک بوونی مندالە کانیشم لە بیر چووە!
خۆیان کە جێژن دە گرن ، بانگم دە کە ن تا بە شداری شادی بێ
مانا و لاوازی ئە وان بم! حە زم لە و جۆرە جێژنانە نیە !
حە ز بە جێژنێکی گە و رە دە کە م !
قە د وا نیە کە مندالە کانم خۆش نا وێت! لە لای من رووداوە کان

مانایێکی تایبه تیان هه یه!
پێم وایه سه ر له شێواو بوو بم . نا، نا به هه ڵه چووم ، پیچی
جاده کان وه کوو جاران نام ناسن! خۆیشم نا ناسم! ساکووه کانی
له به ر چاوی زاگرۆسم له بیر نه ماوه!
ئه م هه موو کۆسپ و خه مه که تووشی تۆ بووه ، ئا مانیان لێ برێوه م!
بۆ هه موو خۆشه ویستییه که له دڵما دات نا بوو ، تۆیش نا ناسم!
بۆ وام لێ ها تووه؟ ئه م شۆره سواره که زمانێک پاله وانی سییاره و
لێخورین بوو ، بۆ حه زی له سییاره نه ماوه؟
له گه ڵ جه ماوه رێکا هاو سه فه رم. ئه وانیش وه کوو من وشه کانیان
لێ ون بووه! کپ و بێ ده نگ شه قامه کانی ئێستا و داهاتوو ده پێون!
شه قامه کان زۆر گه وره و بێ بن دێنه به ر چاوم!
دارو دره ختیان لێ برێون !جه ماوه ره که نا ناسم! ئاگادار نیم بۆ
روبه ن له سه ر دیمه نیان دا نا وه !
یان بۆ تارا چاوه کانیانی دا پۆشێوه؟
به ڵام وه کوو خه ونێک که م ره نگ و له نێو ته م و مژا،
دیمه نی مێژوویان له نێو چاوه فرمیسک ئاویه که ما پیاسه ده کات!
ئه و جاره که وینه کانی رابردوویان دین و ده رون ، ده بینم
که هات وچووی چاوه کانیان بێ ئه ستێره ماوه !
وا ده زانم ، سه ر یان وه کوو من له سه ر شانیان قرتاوه!
جار جار من ده بمه یه که له وان و جێگام لێ ون ده بێت!
وه کوو ئه وان هه نگاو هه ڵ ده گرم!
رێگا چوونم تووشی گۆاستنه وه ده بێ!
ئێمه ده بینه یه ک که س! ئه وان له من جیا نا بنه وه!
زۆری پێ نا چێ که دێمه وه سه ر که ش و حا ڵی هه وه ڵم.
ده ر وانم، لت لت کراوین! پیاو و ژن ، گه وره و چکۆله !
به خیراساق ده بینه وه !
پڕته پڕت بووم ده ر وانن! رومه تیان دیاره! ده ستیان کردووه
چاو شاره که ی له گه ڵما!
پێڵاوه کانیان جێ ده منێ. له ناکاو دا چاوه کانیان ون ده بێ!
هه ل دێن تا زووتر ئه م شه قامانه به جێ بێلن!
جاده کان ون ده بن وکێو و شاخ نیشته جیان ده بێ!

له خۆم پرسییار ده که م ، ئایا ئه وانیش من ده بینن؟
پرسییاره که م دوو پات ده بیته وه ، بۆ ده نگیان نیه ؟
له م پرسییاره  شه ر مه زار ده بم ،
ئاخۆ خۆیشم هێزی قسه کردنم نه ماوه!
- ئه مه چه مترسییێکی مڵ هۆرانه یه که داێگرتین؟
هان ده ده م تا ئه م بێ ده نگیه  بشکینم !
ئای .......برا ......... خوێشکه............. . پرسیاره ێکم هه یه ؟
را ناوه ستن! به په ڵه ده چن.
وه کوو روو باره که ی ویشک بووی قشلاق وه ڵامم نا ده نه وه !
له پر دا سییاره یه ک به ره نگی خاک دێته به ر چاووم و نوقم ده بێ.
جه مسه رم پێ نیه ، پێم وایه تا سنوور زۆر رێگا نه ما بێ؟
گه یشتن ئیشییێکی ئاسایی نه بوو!
که سانێک له م جه ماوه ره ی بی وچانه له نا کاو دا ون ده بوون!
و که سانێیکی تر جێ ئه وانی پڕ ده کرد!
له ده فتری بیره وه ریه کانم لاوازی و بێ ده نگی
له ژیاندا ئازاری داوم! ئێسته که هه ر تووشی ئه و ئازارم!
جانتاییێک له سه ر شانی چه ندکه س له م جه ماوره به دێ ده کرێ.
سه رنج را ده کیشم تا بزانم چیان له وی حه شار داوه؟
شتێکی له به ر چاو وه ر نا گرم! ئه زنی که س نا دن تا رازی ئه وان ده ر که وێ!
زام له ده ست و پێ بریکیان دا، له ژێر جڵ و به ر گێ کونه و دراوه یان بریقه ده دا ، ره نگی خوێن له ژێر چه تری هه تاو دا حه شار گه ێکی باش نه بوو! گه وره و بووچک شه ڵه شه ڵ و ساق ، له شیان ئاره قی کردوو بوو، هیلاک، به ڵام ماندوویه تی له هه نگاوه کانیان دا
به دی نه ده کرا!
وه کوو من به ر وه و سنوور ده چوون . ئه مه یه کم جار نه بوو که ئه وانم به شێوه یه کی نۆی له هات و چوو ده بینی!
ساڵ ها ی زۆری ده خایاند که ئه م جه ماوه ره، ده چوون
و ده گه رانه وه تا چۆڵگه ێک ئه من و په نا به رێکی پر له متمانه بگاته نزیک خانووه کانیان!
حه ره که تی ئه وان ، وه کوو موجی ده ر یا ، بێ وچان درێژه ی بوو!

شه پۆلی ده دا و به ره و شه قامه کانی نا دیاری داهاتوو ده چوون.
له ناکاودا شه قامه کان ده بوون به ده ر یا ، ده یا ده بوو به شار و شاریش وه کوو گه وره پانێک بێ بن خۆی ده نواند!
هێزیکی گونجاو، ئه م جه ماوره ی هان ده دا تا
له م گه وره پانه ی قاقره، بێ ئه سپ و قاتر و سیێاره هام و شۆ که ن.
هه و راز و نشێو له م شوێنه که م نه بوو! له دۆل و کێو سانیش
که مه پرسه؟
من ئاگاداری خۆم نه بووم! حه ڵه تی یوگائیسته کانم گرتوو بوو
که ماندوو یه تیم نه ده نا سی. هه ر ده چوومه پێشه وه ....... .
له نێو رێگا ته نگانیه کدا، کا تیک که پۆلیسی ئاسایش
له سه ر سنوور، به رێ گرتم، ناسناوم پێ نه بوو!
جه ماوه ره که یش را گیران !
پرسییار : له کوێ به ره و کوێ؟
خه سته و لاوازگوتم : له وڵاتی داروسییتان به ره و وڵاتی ئێوه!
- خڵکی کام لا دییێت؟ جڵه کوردیه کانم ره نگه له به ر چاو ئه وان نرخی که م بو بێت؟ ئه م جۆره ئه ده بییاته له لای من باش نه بوو!
- بێ نگه رانی و ئه نیشه ییێکی ئه و توولە بیستنی ئه و وشانه وڵامم دا که : له و دراوسییانه ی که هاو زمانی ئێوه م
که یه ک نه ته ویشین!
بۆ ماوه یه ک ده ست به س کرام!
پێکه وه باسیان ده کرد ! ره نگه سێخور بێ ؟
- بۆ ناسناوت پێ نیه ؟ که سێک ده ناسیت تا له م وڵاته
ئاگاداری که ین بۆ یار مه تیت؟ پاسا پۆرت چی؟
یه کی له وانه به سه رۆکه که یانی گوت: کاک ئازا ،
نه کا تیرۆریست بێ؟
- ئه م روژانه ، ئه و نا پیاوانه، زۆر به ی له سنووره کانی ئێمه و یاساکانمان ده شکینن و به پێ دزییه وه تێ ده په رن !
کاک ئازا : ده بێ بڵگه به ده سمان بگا! شک کردن کارێکی خراپ نیه ، به ڵام تۆمه تی نا حه ق کارێکی نا مرۆڤانیه!
ره نگم هاو کات مه یله و زه رد و سوور ده بوو!
ده له رزیم ، دڵه خۆر په دایگرتووم!

تۆمه تێکی خراپیان لێ داوم! هاکه هه موو خه ونه کا نم بڕۆخن.
هاتمه ده نگ، تا راده یه کیش ده نگم به رز بوو!
ده م زانی ده بێ هێمنایه تی خۆم به پارێزم.
- کاک ئاز : من رابردووی بێ تێکۆشانی خۆمم رۆخاندووه و
به شوێن ناسناوێکی نوێ ده گه رم! مێژوویێکی پڕ له مه تر سیم
له سه ر تێ په راندووه!
حه زم به له دایک بوونێکی تازه هه یه . دووای ساڵ ها ته مه نێکی
بێ وچان که بوونی رێبه ندان دوو پات کاته وه.
بۆ ماوه یه ک ئارام بوون. تێ ده فیکرین. باشه کاکا به خێر بین!
به ڵام ئه کی سه ر شانمانه که بتناسین!
هه موو تان میوانی ئێمه ن !
وه رن بۆ بازگه !
لا په ری ره ش ناوه کان کرایه وه و سه ر و خوار ده کرا!
ته نیا قه له میکم پێ بووکه بۆنی هه وای تازه ی ده ویست!
پێ داوم تا ناسناوێکی تازه بۆ خۆم هه ڵبژێرم .
له سه ر کارتی ناسناوی نوێ که مۆری ئه و به ر سنووری
له سه ر دا بوو،
ناوی خۆم نووسی: ئاوات، ئازاد ، کورد